# تێڕوانینەکانی بریمەر لەسەر کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق

# - مالیکی زیاتر لە سەرکردەیەکی سەربازی دەچێت تاوەکو سەرکردەیەکی سیاسیی، دەشێت بە سەدامی شیعەکان ناوببرێت.

# - یونادم یوسف کەنا لاوازترین پیاوی ئەنجومەنی حوکم بوو، گرینۆکی هەمیشەیی مافی کەمایەتییەکانە .

**ئامادەکردنی هێمن باقر**



## عەلاوی ئینتیمای رەهای بۆ ئەمریکایە، بە بڕوای بریمەر باشترین سەرکردەیە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق

●دوای ئەوەی لە ژمارەی پێشوودا، لڤین دەستپێشخەر بوو لە بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی کتێبی "ئەوەی بریمەر لە کتێبەکەیدا باسینەکردووە"و لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. لەم ژمارەیەشدا لڤین بەشی دووەمی ئەو بابەتە درێژەپێدەدات کە تایبەتە بە وەسفی چەند کەسایەتییەکی گرنگو کاریگەری گۆڕەپانی سیاسیی عێراق، کە هەنوکە لەسەر تەختەی شانۆی سیاسیی عێراق دەبینرێن. گرنگی ئەم بەشە لەوەدایە، دەتوانێت خوێنەری کورد بەرچاوڕوون بکات لەسەر کەسایەتیو شێوازی بیرکردنەوەو مامەڵەی ئەو کەسایەتییە عێراقییانەی ناویان هاتووەو رەنگە هەتا دەیەیەکی تر رەمزەکانی عێراق لە دەوری ئەم ناوانە بسوڕێتەوە، ئێمە لە وەرگیرانی ئەم بەشەدا خۆمان بە وەرگێڕانی حەرفیو سەرجەمی دەقەکانەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو تەنها ئەو بەشانەمان وەرگرتووە کە بۆ خوێنەری کورد گرنگە.

**ئەیاد عەلاوی**

ئینتیمای رەهای بۆ ئەمریکایە، بریمەر لە زۆر شوێندا سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەری دەربڕیوە، تەنانەت جارێك وتوویەتی ئاواتەخوازم ئەم پیاوە ئەمریکی بووایە، وەك سەرسامییەك بە زیرەکیو بەهێزییەکەی. بریمەر ترسی ئەوەی هەبووە عەبدولعەزیز حەکیمو چەلەبیو جەعفەری پلانی لەناوبردنی دابڕێژن، چونکە رابردوویەکی بەعسییانەی هەبووەو دەوروبەرەکەشی پڕبوون لە یاریدەدەری سوننە. بە بڕوای بریمەر، عەلاوی باشترین سەرکردەیە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق، بەڵام ئەوەشی لەبەرچاوبووە کە رقێکی قووڵ لەلایەن سەرکردە شیعەکانەوە بەرامبەر عەلاوی هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە رابردوودا عەلاوی زۆر نزیك بووە لە بەعسییەکانەوە.

**حەمید مەجید موسا**

هیوای لاوازی شیوعییەکانەو بەهەمیشەیی نەیارە، ئەگەر کەسێك نەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە نەیاری، دەبێتە نەیاری خۆی. زیاتر قسەدەکات تاوەکو کار، هەوڵدەدات گیان بکاتەوە بەبەر لاشەی مردووی شیوعییەکاندا. خاوەنی شێوازێکی جوانە بۆ رازیکردنی بەرامبەر، بەڵام قاعیدەی جەماوەری لاوازە.

**عەدنان پاچەچی**

کەسێکە لە زەمەنی خۆیدا نەهاتووە. ماوەی دەسەڵاتی وەکو سەرۆك کۆتایی پێهاتووە. لەگەڵ ئەوەی بریمەر زۆر رێزی دەگرت، بەڵام پێیوابوو پیاوێکە زەمەنی بەسەرچووە. لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پشتگیریی دەکرا، چونکە وەك پیاوی بەهێزی سوننە سەیریدەکرا، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع بریمەر بۆیدەرکەوت کە پاچەچی تەنیا لەسەر کاغەز پیاوی بەهێزی ناو سوننییەکانە.



# حەمید مەجید موسا به هەمیشەیی نەیارە، ئەگەر کەسێك نەدۆزێتەوە بۆئەوەی نەیاری بێت، ئەوا دەبێت به نەیاری خۆی

**ئەحمەد چەلەبی**

رێوی‌و فێڵبازە، تەنها ئینتیمای بۆ خودی خۆی هەیە. ئەندازیاری پرۆژەی دووبەرەکینانەوە و تێکدانی ریزەکانە. بە بڕوای ویداد، هەرکاتێك بریمەر تووشی کێشەیەك دەبوو لەلایەن شیعەکانەوە، پێش هەموان ئاگاداری ئەوی دەکرد، هەرچەندە ویداد پێیوابوو چەلەبی بۆ خۆی خولقێنەری ئەو کێشانە بوو بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند سەفقەیەك لەگەڵ ئەمریکییەکاندا. بریمەر خۆشینەدەویست‌و لەزەتی دەبینی لەوەی کە هەندێکجار داواکارییەکانی بۆ چاوپێکەوتن رەتبکاتەوە. زۆربەی جاریش بەئاشکرا سەرزەنشتیدەکرد، بە کەسێکی ماستاوچی دادەنا.

بە بڕوای ویداد، هۆکاری هەڵکوتانەسەر ماڵەکەی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بەهۆی ئەوەوە بوو کە چەلەبی یارمەتی جەیشی مەهدی‌و موقتەدای دەدا بە پارەو تێوەگلابوو بە پارەدان لە دارِشتنی پلانی لەناوبردنی چەند کەسایەتییەکی نێو عێراق، لەبەرئەوە بریمەر بێزاربوو لەو کارانەی چەلەبی دەیکرد، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە ویداد لە کەسێکەوە دەستیکەوتووە؛ چەلەبی خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای کڕین‌و فرۆشتنی خانوو و زەوی بووە لە بەغداد، کە کۆمپانیایەکی هاوبەش بووە لەنێوان چەلەبی‌و جولەکەیەکی بە ئەسڵ ئەورووپی بە ناوی "لانفوك"، کە لەلایەن (انتفاض قنبر)ەوە بەڕێوەدەبرا. چەلەبی هەوڵیدەدا هەمیشە ئاڵۆزی لەو ناوچانە دروستبکات کە دەیویست خانوو و زەوی لێبکڕێت، بۆ دابەزاندنی نرخی زەوی لەو گەڕەکانەدا، هەروەها نامەی وەهمی دەنارد بۆ خاوەن کۆشکەکانی بەغدا، بۆ ئەوەی بەنرخی هەرزان لەکۆڵ خۆی بکەنەوە. ئەو گەڕەکانەش بریتیبوون لە ناوچەی توبچی، کەڕادە، عەرەسات، مەسبەح بەغداد جەدیدە، خەیریە، مەشتەل، سەبع سبور، کەمسارەو زیونە.

**عەدنان دلێمی**

پیاوێکی ئیزعاجە، لێدوانەکانی ناسیاسییانەیە، بریمەر بە کەسێکی توندڕەوو نەزان‌و تەنانەت هەندێك کات بە شێتیش وەسفیکردووە.

**ئیبراهیم جەعفەری**

توندڕەوێکە لە بەرگی کەسێکی نەرمونیانەدا، بەبڕوای بریمەر توندڕەوی جەعفەری تا سەرئێسقانە، وتاربێژێکی لێهاتووەو رۆشنبیرێکی چاکە، بەڵام سیاسییەکی فاشیلە، چونکە وشە ناتوانێت وڵات بنیات بنێت، هەرچەندە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی‌و رێکخراوی بەدر بە رووکەشی پشتگیرییان بۆ دەردەبڕی، بەڵام لە راستیدا پشتگیری نەبوون. لە زەقکردنەوەی موقتەدا سەدر وەکو پیاوی شەقامی شیعی، رۆڵی هەبوو. بە بڕوای بریمەر، جەعفەری زیاتر لە وانەبێژێك دەچێت لە یەکێك لە حوسەینییەکاندا تاوەکو پیاوی دەوڵەت، بریمەر حەزی بەوە کردووە بەجیا قسەی لەگەڵدا بکات، چونکە لە قسەکردندا لەسەر خاڵێك راناوەستێت‌و هەوڵی پێچلێدان دەدات بە دەوری بابەتەکەداو هەوڵدەدات بۆ پچڕانی تەرکیزی بەرامبەرو گواستنەوەی لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر.

بە قسەی ویداد، جەعفەری جارێك وتوویەتی دەمەوێت عێراق دووربێت لە کێشە، ئەگینا وەڵامی لێدوانی هەموو بەرپرسە کوردەکانم دەدایەوە. جەعفەری هەتا ئێستا پشتیوانیی لەندەنی هەیە. جارێك بریمەر پێیوت بۆچی نیگەرانییەکانتم پێناگەیەنیت پێش ئەوەی راپۆرتی دوورودرێژ بۆ حکومەتی بەریتانی بنێریت.

**میسال ئالوسی**

یاخیبوویەکی زیرەکە. بریمەر پێی سەرسامبووە بەو شێوازەی کە ئالوسی لە رووی سیاسییەوە خۆی پێدەرخستووە. بریمەر بەباشی گوێی بۆ دەگرت، چونکە لە دوژمنەسەرسەختەکانی بەعس‌و سەدام بووە، بریمەر داینا لە لیژنەی



**بە بڕوای بریمەر محەمەد باقر حەکیم لە لایەن پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و بە ئاگاداری عەبدولعەزیز حەکیم تیرۆرکراوە**

هەڵوەشاندنەوەی بەعسی کاربکات، بەڵام عەیبی گەورەی ئەوەیە کە لە چەلەبییەوە نزیکبووە لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە لە عێراق.

**عادل عەبدولمەهدی**

بەعسییەکە هەتا دوارۆژی ژیانی، لەبەرئەوەی فیکری لە حوکم و سەرکردایەتیدا هەمانشێوەی رای بەعسییەکانە. یەکێکە لەو کەسانەی کە کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانی سەید عەبدولعەزیز حەکیم هەیە. لەگەڵ ئەوەی لە ناکۆکییەکی تا رادەیەك بەردەوامدایە لەگەڵ هادی عامری و عەمار حەکیم-دا، ئەم سیانە لە هەموو شتێکدا لەگەڵ یەك جیاوازن، جگە لەیەك شت نەبێت، ئەویش؛ ئینتیمایانە بۆ عەبدولعەزیز حەکیم.

**شەهرەستانی**

لە شیعەکاندا زیرەکترینیانەو لە هەموویان گونجاوتر بوو بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران. هەرچەند خاوەنی دەمارگیرییەکی عەلمانییە، بەڵام شیعییە، ئینتیمای تەواوی هەیە بۆ ئەمریکا. زۆرجار بریمەر بە سیفەتی هاوڕێ قسەی لەگەڵدا دەکردو پشتیوانیشی لێدەکرد، زۆر رقی لە چەلەبییە. بە هاوکاری جەعفەری و مالکی و سەدرییەکان کاریدەکرد بۆ دوورخستنەوەی چەلەبی لە کایەی سیاسییدا.

**سونگوڵ چاپوك**

فرۆشیاری پیتزایە. بریمەر ئەم نازناوەی لێنا، کاتێك لە یەکێك لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، بینی خەریکی سەربڕینی زمانی عەرەبی بوو. هەمیشە جلی نارێکوپێکی دەپۆشی کە لەگەڵیدا نەدەگونجا، جلەکانی شایان نەبوو بە ئەندامێکی ئەنجومەنی حوکم، هەندێکجار لێدوانی نابەرپرسانەی دەدا، خاوەنی گوتاری سیاسیی نییەو هیچ پلانێکی سیاسییشی نییە بۆ ئایندەو خاوەنی ئەزموونی سیاسییش نییە. دیاریکردنیشی لەژێر فشاری کوردەکاندا بووە، بۆ ئەوەی نوێنەری تورکمانەکان کەسێکی لاوازبێت، تا بتوانن دەنگی بکڕن لە هەر کاتێکدا کە بیانەوێت. کەسێکی بەخیلەو پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ یەکێك لە یاریدەدەرەکانیدا هەیە.

**عادل عەبدولمەهدی لە حوکم و سەرکردایەتییدا فیکری بەهەمانشێوەی بەعسییەکانە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر عەبدولعەزیزحەکیم هەیە**


**عەبدولعەزیز حەکیم**

پیاوی بەهێزی عێراقە لە دوای سیستانییەوە. توندڕەویی و لێهاتوویی لە سیفاتەکانی ئەون، پیاوێکی بەهێزو داکۆکیکەرە لە بەرژەوەندییەکانی. بریمەر لەبارەیەوە دەیوت؛ هەر کاتێك سەیری عەمامەکەی سەری عەبدولعەزیز دەکەم، هەست بەوە دەکەم کە مەجلیسی حوکم لە بەرژەوەندی ئێران یەکلایی بووەتەوە، بریمەر بڕوای وا بووە کە حەکیم سەرپەرشتیی گەورەترین هەڵمەتی لەناوبردنی جەستەیی دەکات لە عێراقدا لە بەرژەوەندیی ئێران بە پاڵنەری مەزهەبی. بە قسەی ویداد، بریمەر هەمیشە هەوڵیداوە لەگەڵ حەکیمدا رێکبکەوێت بەر لە هەر بڕیاردانێك، لە ترسی رووبەڕووبوونەوەی لەلایەن حەکیمەوە، بریمەر چەندین جار داوای لە حەکیم کردووە کە پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا نەبەستێت، بە بڕوای بریمەر پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران (محەمەد باقرحەکیم)یان کوشتووە بەئاگاداری عەبدولعەزیز حەکیم چونکە ئەو دژی ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی کوێرانە لەپشتی سیاسەتی ئێرانەوە بجوولێتەوە. لە کاتێکدا حەکیم ئینتیمایەکی قووڵتری هەیە بۆ ئێران. ئەم زانیارییانە لە راپۆرتێکی سەربازی ئەمریکییدا هاتووە کە ویداد لەلای بریمەر بینیویەتی.

**موحسین عەبدولحەمید**

پیاوی هەڵەیە، بریمەر پێیوابووە دانانی موحسین عەبدولحەمید بە ئەندامی مەجلیسی حوکم،





## بە بڕوای بریمەر تاریق هاشمی نمونەی سیاسییەکی هاوچەرخە، بڵاوبوونەوەی وەك بڵاوبوونەوەی با وایە، کەسێکی زۆرزان و وتاربێژێکی خاکییە

یەکێک بووە لە هەڵە سیاسییەکانی. پیاوێکە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە نەیاری چەکدار لە هەر ساتێکدا بێت، بەپێی ئەو فیکرە توندڕەوەی کە هەیبووە. لاواز بووە لە هونەری سەرکردایەتیدا، بە بڕوای بریمەر، بۆچوونەکانی لەژێر کاریگەریی یاریدەدەرەکانیدایە. تەشریعییەکی نایابو تەنفیزییەکی فاشیلە. هیچ رۆژێک بریمەر خۆشی نەویستووە، جارێك لەوبارەیەوە وتوویەتی نازانێت چی لە چواردەوریدا روودەدات، وەکو ئەو کاهینە وایە کە بەهەموو ناوبانگییەوە لە ناوەڕاستی ساڵەیەکی دیسکۆدا وەستابێت.

**محەمەد بەحرلعلوم**

خاوەنی رقی شاراوەیە. سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی ئەمریکا، بەڵام رقی شاراوەو دوورودرێژی لە سەدام حسێن بە تێپەڕبوونی کات گۆڕابوو بۆ رقهەڵگرتن لە سوننە. بەحرلعلوم نەیارێکی ئاشکراو هاوپەیمانێکی شاراوەی ئەمریکا بوو. رێگای بەدەستهێنانی رەزامەندی بەحرلعلوم لە رێگەی گیرفانیەوەیەتی.

**مۆفەق روبەیعی**

درۆزنی گەورەیە. بریمەر بڕوای وابووە کە پزیشکێکی خراپ بێت، لەبەرئەوەی لە سیفاتەکانی پزیشك راستگۆییە، بەڵام ئەو بە فیترەت درۆزنو فێڵباز بوو، کەسێکی ماستاوچییە بۆ عەبدولعەزیز حەکیم، هەوڵیدەدا رۆڵی زیاتر بپچڕێت لەو رۆڵەی کە هەیبوو، بەهۆی قسەکردن لەسەر زمانی سیستانیو گێڕانی رۆڵی ناوبژیوانی وەهمی لە حاڵەتە کتوپڕو نائاساییەکاندا.

## جەعفەری توندڕەوێکە لە بەرگی کەسێکی نەرمونیاندا، وتاربێژێکی لێهاتوو وسیاسییەکی فاشیلە، زیاتر لە وتاربێژێکی ناو حوسەینییەکان دەچێت تاوەکو پیاوی دەوڵەت

**تاریق هاشمی**

بە بڕوای بریمەر تاریق هاشمی نموونەی سیاسیی هاوچەرخە، بڵاوبوونەوەی وەکو بڵاوبوونەوەی با وایە، باشترە لە موحسین عەبدولحەمید لە نوێنەرایەتیکردنی ئیسلامی سیاسیی لەسەر تەختەی شانۆی سیاسیی عێراقیدا، کەسێکی زۆرزانە، وتاربێژێکی خاکییە، لە قسەکردندا حەماسەت زاڵە بەسەریدا تاوەکو واقیعەت. بریمەر پێشبینیکردووە کە داهاتوویەکی پرشنگداری دەبێت. بەر لەوەی ببێتە سەرۆکی حیزبی ئیسلامی، جارێك بریمەر پێیوتووە کودەتایەکی هێمنانە بەسەر موحسین عەبدولحەمیدا بکە.

**هادی عامری**

خوێنڕێژی بەغدادو پیاوکوژێکی بێویژدانە کە درەنگ بێت یان زوو کارەکەی ئاشکرادەبێتو بەر نەفرەتی مێژوو دەکەوێت. جارێك بریمەر بە ویدادی وتووە کە ئەو بڕوای وایە ئێران پشتیوانیی زۆری هادی عامریو بەیان جەبر دەکاتو لەوانەیە رۆژێك بێت وەکو پاداشت لە ناوەڕاستی تاراندا پەیکەریان بۆ دروستبکات.



بەتـەواوەتی هـەموویان پشـتگیرییان نـەدەکرد. هــەروەك لەلایــەن شــەممەرە شیعەکانیشــەوە پاڵپشــتی نـەدەکرا. جارێـك لــەنێوان یـاوەرو پاچەچـیدا ناکۆکییــەك دروســتبوو، بریمــەر لەبارەیەوە وتـی ئـەوە نـاکۆکی دیبلۆماسـیی‌و خێڵەکییە.

**یونادەم یوسف کەننا**

گرینۆکی هەمیشەیی مـافی کەمایەتی‌وبەتایبـەتی مەسیحییەکانە، بەتایبەتی بەهەمیشـەیی جـەخت لـەسەر چەوساوەیی مەسیحییەکان دەکاتەوە لـە عێراقدا. لاوازترین پیاوی ناو ئەنجومەنی حـوکم بووە. جارێك بریمـەر لـەبارەیـەوە بـە ویـدادی وتووە (ویداد ئاشووری بووە) بێئومێد بووم لــە یونــادەم کــەننا، هــەروەها وتوویــەتی ئێــوەی مەسیحی لە عێراق لاوازن لە رووی ئەزموونی سیاسییەوە، ویداد لە وەڵامـدا وتوویـەتی ئـەی چی دەڵێیت بەرامبـەر کەسێکی وەکـو تـاریق عەزیز، بریمەر وتوویەتی هەموو رێسایەك شازی تێدایە.



## مالیکی زیاتر بۆ ئەوە دەگونجێت سەرکردەیەکی سەربازی بێت تاوەکو سەرکردەیەکی سیاسیی، دەشێت بە سەدامی شیعەکان ناوببرێت

**نوری مالیکی**

بـە بـڕوای بریمــەر، ســەرکردەی راســتەقینەی حیزبی دەعوەیە، هەروەها عەقڵی (مـدبر)ە بـۆ ئەو شـتانەی کـە جەعفـەری دەیڵێـت. بـەڵام جەعفەری پێش خۆی خست لــە ســەرەتادا بـۆ ســوودوەرگرتن لــە قســەزانی‌و رۆشــنبیرییە گشـتییەکەی کـە مـالکی تیایـدا لاواز بـووە، هەروەها لاوازە لە رێکپۆشی‌و دیبلۆماسییەتدا، زیاتر بۆ ئەوە دەگونجێـت کـە سـەرکردەیەکی سەربازی بێت، دەتوانرێت پێیبوترێـت سـەدامی شیعەکان.

**شێخ جەلالەدین سەغیر**

بە بڕوای بریمەر، ئاگری نەکوژاوەی تایەفییە لە عێراقدا. بە وتەی بریمەر، مووچەی مانگانە لــە ئێـران وەردەگرێـت‌و ئەفســەری موخابــەراتی ئێرانییــە. رۆژێـك ویـداد لــە نووسـینگەکەی بریمــەردا هەنــدێك پــەرەگرافی راپــۆرتێکی ئیستیخباراتی ئەمریکی خوێندووەتەوە کــــە وەسفی جەلالەدین سەغیر–ی کـردووە وەکـو هاوکار لـەگـەڵ موخابـەراتی ئێرانیـدا. بریمـەر لــەبارەی جەلالــەدین ســەغیر–ەوە، وتوویـەتی بڕوام وایە ئەم کابرایە بۆ ئـەوە دروسـتبووبێت کـە بـە تـەنها بـژی، چـونکە هـیچ کەسێکی خۆشناوێت.

**غازی عەجیل یاوەر**

پیـاوی خێـڵ‌و تەسـکبینییە. یـاوەر نوێنەرایـەتی قورســاییەکی کۆمەڵایــەتی‌و میللیــی عێــراق نــاکات، تەنانەت عەشیرەتی شەممەری سوننیش

## بریمەر بۆی دەرکەوت پاچەچی تەنها لەسەر کاغەز پیاوی بەهێزی سوننیەکانە

